# ئافرەت لەپاش مردنی مێردەکەی

# چۆن درێژە بە ژیانی بدات

[ كردي – کوردی – kurdish ]

ئیحسان بورهان الدین

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# ﴿ كيف يواصل الأرامل حياتهم بنجاح ﴾

« باللغة الكردية »

## إحسان برهان الدين

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# ئافرەت لەپاش مردنی مێردەکەی

# چۆن درێژە بە ژیانی بدات

بێوەژنی قەیرانێکی دەروونی و کۆمەڵایەتی یە بۆ ئەوکەسەی تووشی دەبێت، جا چۆن تێپەڕێت بە سەلامەتی و بێوەژنان بتوانن درێژە بەژیانیان بدەن.

کاتێك مێرد یان هاوسەرەکەی وەفات دەکەن، هەموان بەمەبەستی دڵنەوایی و سەرەخۆشی دەورەیان دەدەن، بەڵام لەگەڵ تەواوبوونی ڕۆژانی ماتەمینی و تەعزیێ، ئەو کەسە تەنها دەبێتەوەو، لەگەڵ یادگارییەکانیدا دەژێت و تاڵی تەنهایی و دلەڕاوکێ لە داهاتوو دەچێژێت، ئیئنجا بێوەژنی یان مردنی یەکێك لە هاوسەرەکان لە کاتی پیریدا کارەساتێکی زۆر ناخۆشەو ڕووداوێکی دڵتەزێن و گرفتێکی قورسە، چونکە لە کاتێکدایەکە مرۆڤ لە ئەوپەڕی پێویستیدایە بە هاوڕێ و هاودەم و یارمەتیدەر، بەشێوەیەکی گشتیش پیاوان زیاتر تووشی پەژارەو وکاریگەریی دەبن، بۆیە دەبینی زووتر دەگەنە هاوسەرەکانیان پاش لە دونیا دەرچوونیان.

بەڵام لە واقیعدا قەیرانی بێوەژنی بارێکی قورسە بەسەر ئافرەتانەوە تاکو پیاوان، زۆر جاریش مێردەکان لە پێشدا دەمرن، بۆیە هاوسەرەکانیان ناچار دەبن ڕۆڵی ئەوانیش ببینن و منداڵ بەخێو بکەن و ئارام بگرن سەبارەت بە دیدی کۆمەڵگا بۆ ئافرەتێکی بێ مێرد، کە دەبینیت چاودێریی هەموو

هەڵسوکەوت و هەڵوێستێکیان دەکەن، تەنانەت هەناسەکانیشیان لە سەر دەژمێرن !

بە لای هەندێکەوە ژیانی ئافرەت بریتییە لەکۆمەڵێك لە چاوەڕوانی، چاوەڕوانی شووکردن دەکات، ئینجا منالٌبوون و گەورەبوونیان و ژنهێنان وشووکردنیان، بۆیە ئافرەت- بەتایبەتی لە کۆمەڵگای خۆماندا- زۆرێك لە هیواکانی دەبەسێتە هاوسەرگیرییەوە، لەو هاوسەرەش چاوەڕوانە کە ببێتە بەخێوکەر و پشتیوان و هەموو شتێك.

ئالێرەوە دەبینین هەڵوەشانەوەی هاوسەرێتی – واتە:بێوەژن بوون- دەبێتە مایەی تاڵی چەشتنێکی دەروونی و عاتیفی و کۆمەڵایەتی و ئابووری، قووڵتر لەوەی کە لەلای مێرد درووست دەبێت لە کاتی مردنی هاوسەرەکەی، پیاو بەتایبەتی ئەگەر پیر بێت، بەمردنی خێزانەکەی تووشی ناڕەحەتی و گیروگرفتی بەڕێوەبردنی ماڵ و شتی لەو جۆرە دەبێت، بۆیە دەبینیت ناچار دەبێت ژن بهێنێت. بەڵام ئافرەت بەمردنی مێردەکەی قۆناغێك لە ناهاوسەنگی و گۆشەگیری بۆ درووست دەبێت، بۆیە یان دەبێت خۆڕاگر بێت بۆ ئەوەی بتوانێت هەڵسێت بە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی و بەخێوکردنی منالٌکانی بە هەوڵ و کۆششێکی زۆر بۆ تێپەڕاندنی ئەو شلەقانە، بۆ ئەوەی بتوانێت ڕۆڵی دایك و باوك پێکەوە ببینێت، یان ئەوەیە تووشی هەرەس و ڕووخان بێت وخۆی بەدەستی زۆرێك لەو ئازارانە وە بدات.

بێوەژن تووشی ئازار دەبێت لە ڕێگەی زۆر پرسیار کە لە لایەنی مناڵەکانییەوە ئاراستەی دەکرێن و نازانێت چۆن وەڵامیان بداتەوە، ئەوان دەپرسن باشە بۆ باوکمان دواکەوت؟ قەیناکا با بەتەلەفۆن قسەی لەگەڵ بکەم، ئایا باوکم لە ئێمە عاجز بووە، بۆچی باوکم کوژرا؟ دایە پێی بڵێ بابگەڕێتەوە زۆر بیری دەکەم، ئایا لە جەژن دێنەوە لەگەڵمان بێت؟ کوا سەیارەکەی؟ باوکم مۆبایلەکەی لە ماڵ بەجێهێشتووە، بۆچی جلەکانی باوکمیان برد؟ بۆچی باوکی هاوڕێکانم لە دایەنگە یان لە قوتابخانە دێن دەیانبەنەوە بەڵام باوکم نایەت؟ تا کۆتایی ئەو پرسیارە ئازار بەخشانە.

جارێکی تر دەیبینین ئازار دەچێژێت بەهۆی تەماشاکردنی بەزەیی ئامێزی هەندێك لەوانەی ئامادەی ماتەمینییەکە دەبن، یان لەو کاتەی وەفاتنامەی مێردەکەی وەردەگرێت و کێشەی دارایی بۆ دروست دەبێت و جاری وا هەیە هەندێك لە خزمان تەماعی میراتی مێردەکەی دەکەن، هەروەها تووشی ئازارو فشاری دەروونی دەبێت کاتێك دەچێتە نێو کۆمەڵگا بەبێ هەبوونی مێرد کەڕۆڵی پۆشاکێك دەبینێ بۆ داپۆشینی کەمووکوڕییەکانی، جگە لەوەش دەترسێت خەڵکی بە خراپە تەماشای بکەن و باسی بکەن، ڕۆژانەش یادگارییەکانی مێردەکەی ئێش و ئازاری دەدەن لە کاتێکدا هەموو شتێك لە دەورو بەری ئەوی وەبیر دەهێننەوە، هاوکات تووشی گیرۆدەییەکی سەخت دەبێتەوە بە تایبەتی ئەگەر لە بەهاری تەمەنیدا بێت، لە نێوان شووکردن و ترس و دڵەڕاوکێ لە سەر دواڕۆژی منداڵەکانی.

لەوانەیە یەکێك لەو هۆکارانەی کێشەو فشارە کۆمەڵایەتییەکانی لەسەر لابەرێت، ئەوە بێت باوك و دایکی بێوەژنەکە یان یەکێکێکیان لە ژیاندا بن، چونکە کۆمەڵگا جاری واهەیە شووکردنی بێوژن بە جۆرێك لە بێ وەفایی بەرانبەر مافی ئەو مێردە لە قەڵەم دەدا، بێگومان ئەم دیدەش لەڕووی شەرعییەوە هەڵەیە، ئینجا ئەگەر بیەوێت شوو بکات و مناڵی هەبێت، کێشەی بەخێوکردنی مناڵەکەی بۆ درووست دەبێت، یان جاری وا هەیە کەس و کاری مێردە مردووکە بە هۆی مناڵکانەوە داوا لە بێوەژنەکە دەکەن شوو بە یەکێ لە ئەندامانی خێزانەکە بکات، لەوانەشە خۆشەویستی بۆ مناڵەکانی و ترسی لە سەر دواڕۆژیان زاڵبێتە سەریدا، ئەوەی ماوەتەوە لە تەمەنی بۆ ئەوانی تەرخان بکات وو شوو نەکات، هاوکات دەشترسێت پاش هەموو ئەو ساڵانەی لە چاودێریکردنی مناڵکانیدا بەسەریبرد، ژن بهێنن وبە تەنها بەجێی بهێڵن، یان لەگەڵیاندا بژی بەڵام بەلایەوە ئەستەمە کە میوانێکی قورس بێت لە لای خێزانێك ن با خێزانی یەکێك لە کوڕەکانیشی بێت، بە هۆی ئەمانەشەوەدەبینین زۆرێك لە بێوەژنان (%٣٥ بە پێی هەندێك لێکۆڵینەوە) دووچاری چەندین نەخۆشی ڕووداو دەبن.

- چۆن بێوەژن بەسەرکەوتوویی درێژە بە ژیانی بدات؟

- سەرەتا پێویستە لە سەریان هاوسەنگی و جێگیربوون و هێمنی بۆ خۆیان بە دیبهێنن، لە ڕێگەی عیبادەت و دوورکەوتنەوە لە هۆکارەکانی دڵەڕاوکێ و ئاڵۆزبوون، چونکە ژیان بە مردنی مێردەکەی کۆتایی پێ نایەت، هەموو ساتێکی

ئەم ژیانەش نیعمەتێکی خوایی بە نرخە، ستەمە بە زایە بدرێت لە ڕَێگەی خەم و ئازارە وە، دەرگای خەمەکان دابخەو پەنجەرەی ڕازیبوون بکەرەوە بۆ ئەوەی تیشکی هێمنی و دڵنیابوون و ئارامیی بۆ خۆت و مناڵەکانت بێتەژوورەوە.

- پیویستە هەوڵ بدەن بۆ بەدەستهێنانی زانیاری ئەوتۆ کە یارمەتیان بدات بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ واقیعی تازەدا بە سەرکەوتوویی، پێویستە بیرۆکەی بێ دەسەڵاتیی و بێ چارەیی ڕاوبنەن و بیر لە سەر بەخۆیی وپشت بە کەسانی تر نەبەستن بکەنەوە.

- بێوەژنان پێویستیان بە هەندیك کاتە بۆ ڕاهاتن لە گەڵ ژیانی نوێیاندا ، پێویستە لە سەر مناڵکانیش جۆرەکانی چاودێری بۆ دایکیان پڕەخسێنن وچاکەی باوکیشیان لەم قۆناغە ناڕەحەتەدا بگێڕنەوە و خۆشەویستی و سۆز بۆ دایکیان بنوێنن و بازنەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان فراوان بکەنەوە و ئەو بۆشاییەی کە درووست بووە پڕی بکەنەوە.

- بێوەژن- لە جیاتی ئەوەی لە گەڵ یادگارییەکانیدا بژێت- پیویستە لە سەری هەندێ پەیوەندی کۆمەڵایەتی بۆخۆی سازبدات، وەکو فریاگوزاری پەلە بۆ سارێژکردنی برینەکانی.

- ئەگەر دەستەبەری گونجاو دەستنەکەوت لە کوڕ و باوك و براو کەسانی تر و، پێویستی مادی هەبوو، خۆیشی توانای ئیشی هەبوو، بابگەڕێت بۆ کارێکی گونجاو لەگەڵ تواناو شارەزاییەکانیدا، بۆ ئەوەی خەرجی پێویست بۆ خێزانەکەی دابین بکات.

- ئەگەر بێوەژن بە ئەمەك بێت بۆ مێردەكەی و كۆشش بكات لە پێناوی مناڵەكانیدا، سۆزویارمەتی و پشتگیریی بەدەست دەهێنێت بۆ تەواو كردنی گەشتەكەی لە پەروەردەكردن و چاودێری منالەكانی.

- شووكردن بۆ ئافرەت مافێكی شەرعییە پاش تێپەڕبوونی عیددە، بەتایبەت ئەگەر لە سەرەتای گەنجیدا بێت و منالی هەبێت پێویستی بە چاودێریی بێت لە چوارچێوەی خێزانێكی ئاساییدا، بۆی هەیە شوو بكات و مێردێكی باش هەڵبژێرێت كە لەگەڵیاندا باش بێت و لێپرسراوێتیان هەڵگرێت، ئەو كەسەش لە ماڵی خۆیدا هەتیو بە خێو دەكات، پلەوپایەكی هەرەبەرزی هەیە لە دونیاو دواڕۆژدا ، پیویستە لەسەر منالی پێگەیشتوویش بایەخ بەدایكیان بدەن و چاكەی لەگەڵ بكەن و پشتگیری بكەن ئەگەر ویستی شوو بكاتەوە، ئەوەش كە دەیخوێننەوە لە كتێب و ڕۆژنامەكاندا دەربارەی مێردی ئەو بێوەژنەی منالەكانی دەركردووە ،یان دایكی بێوەژنەكە منالكانی بەخێو ناكات، ئەوانە حالەتی دەگمەنن و پێوەر نین بۆ هەڵوێستی كۆمەڵگا لە شووكردنی بێوەژن.

- ئەگەریش بێوەژن بڕیاری شوونەكردنیدا، با بەباشی چاودێریی منالەكانی بكات و بزانێت چۆن هەڵسوكەوت دەكات و لە كارەكانیدا سەركەوتوو دەبێت، بازۆر بە سۆز وردبین بێت لە كاروبارەكانیدا و ببێتە پێشەنگ بۆیان.

- له ڕووی هۆشیار کردنەوەی کۆمەڵایەتییەوە، پێویستی زۆرمان بەبەرنامەی ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی هەیە بە ئامانجی گۆڕینی تێڕوانینی سەلبی بۆ بێوەژنان.

لەکۆتاییشدا....لەسەرمانە کەش و هە وایەکی وا بدۆزینەوە نەك هەرتەنها ببێتە مایەی چارەسەرکردنی گرفتەکانی قەیرانی بێوەژنی، بەڵکو ببێتە مایەی پەیداکردنی ژیانێکی ئاسوودە بۆی، لە جیاتی ئەوەش کە بێوەژن باروکێشەیەك بێت، یان لە پەراوێزی کۆمەڵگادا بێت، لە کاتێکدا خودی کۆمەڵگا لەو جۆرەی زۆر تێدایە، با ببێتە فاکتەرێکی کاریگەر بۆ دروستکردنی ئەو کۆمەڵگایە و هەستیش نەکات جێگەی بەزەییە لە لایەن خەڵکییەوە، بەڵکو هاوبەشێکە لە نێو ئەندامەکانیدا و پێویستە سوودمەند بێت لە هەموارکردنی ژیانێکی سەربەرزانە.

-ئەم بابەتەم بە دەستکاری وپوختەکردنەوە لە بابەتێکی(ا.د.ناصر أحمد سنه) وەرگرتووە لە سایتی ( صید الفوائد).